# به كامپیۆتەرەكەت فاكس بنێرە

بـە یارمـەتی پرۆگـرامی Snappy fax ۲۰۰۰ دەتـوانی زۆر بە هاسانی لە هەر پرۆگرامێكەوە بتهەوێ لە كامپۆتەرەكەتەوە فاكس بنێری.

سـەرەڕای ئـەوە كە ئێمە لە دەورانی پۆستی ئلكترونیكی دا دەژین، بەڵام هێندێک جار فـاكس هـەر بـەكار دێـنین، یـان هێـندێک جـاریش وەک پێویـست وایـە. ئـەوەی كـە تـۆ پێویـستت پێـیە بـۆ ئـەوەی بـە كامپیۆتەرەكەت فاكس بنێری، مودێمێک و پرۆگرامێكی فاكسـە. ئـەو پرۆگـرامە كـە پێویـستت پێـیەتی نـاوی Snappy fax ۲۰۰۰ ە و دەتوانی لەم ناونیشـانەوە http://download.com وەریگـری. بـێجگە لـەوەی دەتـوانی لـە پرۆگـرامی دڵـخوازەوە فـاكس بنـێری، دەتـوانی راسـتەوخۆ لـە سـكانرەكەتەوە فـاكس بكـەی یان سكانرەكەت بكەی بە ماشین كوپی.

لە بنەوە دەبینی كە چەندە بە هاسانی دەتوانی فاكس بنێری.

### قۆناخی ۱:

كاتێک پرۆگرامی Snappy fax یت لە ئینتەرنێتەوە دابەزاند، دەبێ دایبمەرزێنێ واتا Installی بكەی و پاشان لە فایلە سەرەكیەكاندا كرت لەسەر Settings بكە و لێرەدا چەند شوێنی زانیاری و پارامیتری مۆدێمەكەت هەیە كە دەبێ پڕیان بكەیەوە.

### قۆناخی ۲:

لێرەدا لاپەڕەی ئامادەكراو هەن بۆ ئەوەی بۆ فاكسەكەت بەكاریان بێنی، بەڵام بە ئینگلیزین. تۆش دەتوانی زۆر بە هاسانی لاپەڕە بۆ خۆت ساز بكەی و بۆ ئەم كارەش دەبێ كرت لەسەر Settings/Cover Page Designer بكەی. دەتوانی نووسراوە و شتەكانی دیكەت كە بەتەمای فاكسیان بكەی، تۆزێک لە لێوارەی لای چەپی لاپەڕەكە دوور بكەیەوە، چونكە لاپەڕەكان لە قەوارەی ئامریكایی و لە شێوەی Letterformat دان و تۆزێكی لە لاپەڕەی A٤ گەورەترن.

### قۆناخی ۳:

ئەگـەر بـتهەوێ فـاكس بكـەی، دەبـێ Snappy fax ئاكتیڤ بێ، پاشان نووسراوەكەت لە پرۆگرامـێكی وەک ڤۆرد دا هـەر وەک نووسـراوەیەكی ئاسـایی دەنووسـی و كـە تەواوت

کـرد، دوکۆمەنــتەکەت پاشــەکەوت بکــە و ئــەمجار لــە فایلــەکانی ســەروەودا Arkiv هەڵدەبژێری و چاپکردن (پرینت) لێدەدەی.

## قۆناخی ٤:

لـە نێوی لیستەی چاپگەرەکەتدا Print to fax یان APF fax printer هەڵدەبژێری ( دیارە ئەگـەر پرۆگـرامی ڤـیندۆزی ٢٠٠٠ یـان ڤـیندۆزی ئن تی هەبێ) و پاشان کرت لەسەر Ok دەکەی.

## قۆناخی ٥:

دوای ئـەم کارانەی قۆناخی ٤ چوارچێوەیەکت بۆ دەکرێتەوە کە دەبێ بڕیار هەڵبژاردنی جـۆری فاکسـەکەت بـدەی. دیـارە بـێجگە لـە جـۆری فـاکس دەتوانی وەرگری فاکس و شـێوەی لاپـەڕەش دیـاری بکـەی. هـەروەها دەتـوانی ئـەو فاکسـانەی کە بۆت دێن یان بەرێـیان دەکـەی لـە شـوێنیکی تایـبەتی Adressbok دا بیانـپارێزی. بـێجگە لەمانـەش دەتـوانی لـە پرۆگرامی Out look دا چاو لە فاکسەکانت بکەی. ئێستا دەتوانی فاکسێک بـە یـەکجار بـەرێ بکـەین بـۆ یـەک کۆمـەڵ خەڵـک، کە پێشتر فاکسیان بۆ ناردووی [لە بەشـی Recipient Details دا ناونیشـانەکانیان دیاری دەکەی] و پاشان کرت لە سەر Ok دەکەین.

## قۆناخی ٦:

لێرەدا Snappy fax زەنگ بۆ یەک بە یەکی وەرگرەکانی فاکسەکە لێ دەدا و فاکسەکەیان بـۆ بـەرێ دەکـا. ئـەو فاکسـانەی کـە دینـێری لە شوێنی تایبەتیدا ڕادەگیرێن، کە دواتر دەتـوانی چاویـان لـێ بکـەی و هـەر کاتێکیش پێت خۆشبێ چەند جار بتهەوێ دەتوانی فاکسیان بکەیەوە.

Snappy fax پرۆگرامـێکە کـە زۆر بەرێکوپـێکی بـێجگە لـەوەی کـە دەتـوانی فاکسی پێ بنـێری، زۆر کـاری دیکەشـی پێ بکەی. ئەگەر بتهەوێ زۆر بە باشی ئەم پرۆگرامە بەکار بهێنی، دەبێ ئەو چەند لاپەڕە زانیاریەی کە لەگەڵیەتی بیخوێنیەوە.

سەرچاوە: PC hemma ژمارە ٨.

وەرگێڕانی حامید درودی

٢٠٠٢/٨/٢٧